# چەمکی خۆپارێزیی کەمپوس ئەسول

کەمپوس ئەسول خوازیارە کە کەشێکی ئارام بۆ هەمووان فەراهەم بهێنێ. هەر بۆیە کەمپوس ئەسول چەمکی خۆپارێزی Schutzkonzept بۆ خۆی داناوە. چەمکی خۆپارێزی ئەوە ڕوندەکاتەوە کە تۆ دەتوانی چی بکەیت کاتێک لە ناو ئەم ڕێکخراوەدا بکەویتە دۆخێکی نەخوازراو و بێتاقەتکەرەوە، یان کاتێک شتێکی نەگوجاو بەرامبەر تۆ ڕویدا. لە دۆخێکی لەمجۆرەدا کەمپوس ئەسول دەیەوێت پابەندی چەند بەهایەک بێت.

## 1

## تۆ دەتوانی چی بکەیت کاتێک سکاڵایەکت هەبێت؟

تۆ بەشداریی دەکەیت لە یەکێک لە گروپەکانی ئێمەدا، یاخود ئەندامی ڕێکخراوەکەمانی؟ یاخود تۆ کار بۆ ڕێکخراوەکە دەکەیت؟ تۆ لەوێدا ڕوبەڕوی شتێکی نەگونجاو دەبیتەوە، یاخود شتێک تۆ بێتاقەت دەکات؟ کاتێک هەست بە شتێکی لەمجۆرە دەکەیت، دەتوانی لەمبارەوە سکاڵا بکەیت. سکاڵاکەش دەتوانی بەمجۆرە بکەیت:

دەتوانیت سکاڵاکەی خۆت بەمجۆرە بنێریت :
·بە ئیمەیڵ سکاڵاکەت بنێریت بۆ ئەمیندار و کەسە بێلایەنەکانی ئێمە. کەسی ئەمیندار و بێلایەن ئەوانەن کە سەر بە هیچ لایەنێک نین. واتە ئەو کەسانە وەکو کەسێکی بێلایەن و بابەتیانە لە سکاڵاکەی تۆ دەکۆڵێنەوە. (**ombudsteam@campus-asyl.de**)

**کەسە بێلایەن و ئەمیندارەکانیش ئەمانەن:**

| | |
|---|---|
| Elisabeth Bauermann | elisabeth.bauermann@campus-asyl.de |
| Maen Soufan | maen.soufan@campus-asyl.de |
| Gabi Eisert | gabi.eisert@campus-asyl.de |

- ·یان سکڵاکەت بە پۆست بنێریت بۆ نوسینگەی کەمپوس ئەسول، یاخود ئەو کەسە بێلایەنانەی کە ناویان هاتووە و ئەدرەسی : Bajuwarenstr. 1a, 93053 Regensburg
- . Zeißstr. 9, 93053 Regensburg لەسەری بنوسیت و بیخەیتە سندوقی پۆستی کەمپوس ئەسولەوە لە
- . یاخود دەتوانیت بە تەلەفۆن سکاڵاکەت بۆ نوسینگەی کەمپوس ئەسول باسبکەی کە ژمارەکەی 094156803419

دەشتوانیت سکاڵاکەت بە زمانی خۆت بنوسیت. ئێمە دواتر نوسینەکەت وەردەگێرین و ئەگەر پێویستی کرد ئەوا بۆ ئەو مەبەستە وەرگێرێک پەیدادەکەین.

## 2

## بەمشێوەیەش سکاڵایەک کاری لەسەر دەکرێت:

هەموو سکاڵایەک لەلایەن تیمێکەوە و دوو کەسی بێلایەن کاری لەسەر دەکەن. کاتێک تیمە بێلایەنەکە سکاڵاکەی تۆیان دەچێتە بەردەست، ئەوا ئاگادارت دەکەنەوە و ئەوەت پێڕادەگەیێنن کە دواتر چی دەکرێت. ئەو کەسە بێلایەن و ئەمینانە بریار لەسەر ئەوە دەدەن کە ئەگەر کەسی دیکە پێویست بکات بەشداری دانیشتن و کەیسەکە بێت. بۆ نمونە بەشی ئەنجومەنی ئیدارە و نوسینگەی ڕێکخراوەکە، یان ڕاوێژکارەکان. بەڵام بە هەموو شێوەیەک کەمترین کەس ئاگادار دەکرێن لەسەر ئەو سکاڵایانە و زانیاری لەسەر کەسایەتی ئێوە هەر بە نهێنی دەمێنێتەوە.

دواتر کەسە بێلایەنەکان بەم هەنگاوانە هەڵدەستن:

- لەگەڵ ئەو کەسانەی بەشدارن گفتوگۆیەک ڕێکدەخەیت. لە کاتی گفتوگۆکەدا هەوڵ دەدەن دۆخەکە روون بکەنەوە.
- هەروەها ئەگەر پێویست بوو دەتوانیت پەیوەندی بە دەزگایەکی پسپۆڕ یان فەرمانگەی خۆشگوزەرانی گەنجانەوە بکەیت.
- ئەگەر بتەوێت ڕاپۆرتی پۆلیس تۆمار بکەیت، ئەوان دەتوانن پشتگیریت بکەن.